کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
24-8-2007 0:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەڵامێک بۆ کەسێکی نزیکی دکتر محەمەد ... جەلال چوارتایی**

ماوەیەك لەمەو بەر بەندەو برادەرێکی تر لەسەر یەکێک لە لێپرسراوە گەندەڵەکانی یەکێتی وەك هەر لێپرسراوێکی تری ئەو حیزبە دکتر محەمەد هەنێک زانیاری گرنگمان بۆ خوێنەرانی کوردستان ودەرەو ئاشکرا کرد. وەلێ زۆری پێ نەچوو خزمێکی نزیکی دکتر محەمەد کە پێ ئەچێت کوڕی براکەی هۆڵەندای بێت کە چەند مانگێک لەمەوبەر باوکی بەیانیەکەی بە بەڕێوەبەری گشتی دایمەزراند (کاتێ دکتد وەزیر بوو) پاشنیوەڕۆکەی بە هەمان ناونیشان خانەنشینی کرد، ولە چاوپێکەوتنێکدا کە بەچاوی خۆم دیم دکتری بەڕێز دانی پیادا ناو وتی هەقی خۆمانەو قوربانیمان داوە، خۆ من ناهەقیناگرم هیچ شتێک بی بەرانبەر نیە لەم ڕۆژەدا دنیاکە وای لێهاتوە ئەم دوو حیزبە تەنها قەڵەم ناکرن لە قەڵەم فرۆشان بەڵکو ویژدانیش ئەکرن شەرەف ئەکرن ... ، بەکورتی وەك چەرچیەکانی جاران کە بەکۆڵانەککاندائەگەڕان و هاواریان ئەکرد ماڵێک کورسی بێت سەلاجەی بێت تەختەی بیت بیفرۆشێت.

بەکورتی ئەم زاتە لە سایتی کوردستاننێتدا بە ناوی بەشدار خالید ودواتر لە سایتی کوردستان پۆستدا بە کارمەندێکی خەستەخانەی شۆڕش هەمان نوسینی بڵاوکردۆتەوە هەر زو بە ناوەکەیدا پیشانی داوە کە ئەبێت لە دکتر دیفاع بکات و کاری وەڵام دانەوەمان بگرێتە ئەستۆ. ئەم برادەرەو زۆری لەم جۆرە کەسانە گرنگ خۆیانە سودمەند بن لەو لێپرساوانە ئیتر هەموو کورد بسوتێنن دەنکە گەنمێکی ئەوانی تێدانیە.

من تەنها بەم وشەیە وەڵامت ئەدەمەوە، ئەگەر دکتر محەمەد وەك هەموو لێپرساوەکانی تری ناو یەکیتی سەروەت وسامانی ماڵی میلەت و وخێزانە شەهیدە سەربەرزەکان وئەنفال و کیمیاوی نیە ووەک ئەوانی تر گەندەڵ نیە چۆن ئەگەیشتە کەسی باوەڕ پێکراوی مام جەلال، بەو سەروەت وسامانەی کە موڵکی باوو باپیرانیەتی چەند خەستەخانەو چەند پرۆژەی ئاوی بۆ ئەو دییانە کرد کە ئەوانیان گەیاندە ئەم ڕۆژە ئەی کە ئەمەندە دەست ڕۆیشتون بۆ براکەی خانەنشین ئەکات لە ئەوروپا، بۆ لێۆرستراوەکانمان لە برسا دزی لە ماڵی میلەت ئەکەن یان بۆ کڕینی کۆشک وسەیارەوا کە کەس بۆی نەکردرێت..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.